# ...ۆکدا ئەوەی دەمێنێتەوە مافی تاکەکەسەو
# ...سیاسی بەتەنها کۆتایی بەو مافە بهێنین

دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێم و پەیوەندیەکان و چۆنیەتی بەشداری کردنی حزبەکان لەکابینەی حکومەتی هەرێم و ..هتد.

زنار: هەندێک لەسیاسەتوانان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکە ئەو یاداشتنامەیە بەدەستکیسەی وڵاتانی دەرەوەو فیتی یەکگرتوو دەزانن.

مەولود باوەمراد: ئەو شتانەی لەو یاداشتەدا هاتووە باس لە پێویستیە سادەو سەرەتاییەکانی خەڵک و چاکسازی ئیدارەی گشتی دەکات کە قسەو باسی خەڵکی ئاسایی سەرجادەیە، خستنە بەردەستی یاداشتێک سەبارەت بەو شتانە دەسیسەو فیتی نەگەرەکە، چونکە لەسەر بنەمای خزمەت بەخەڵک و دەسەڵاتی هەرێم و ڕۆڵی کارای ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان نووسراوە، بەپێچەوانەوە من وادەزانم خزمەتێکی زۆر بەحکومەتی هەرێم دەکات. ئەو پرۆژەیە ئاڕاستەی حکومەت و دامودەزگەی فەرمی هەرێم کراوە کەئەو حزبانە بەشێکن لەو پێکهاتەیە، پێویست ناکات، بکرێتە بابەتی ململانێیەکی سیاسی نێوان مەکتەب سیاسیەکانی لایەنەکان چونکە پرۆژەکە ئاڕاستەی ئەوان نەکراوە، پێویستە حکومەت وەڵامی بداتەوە.

پێشکەش کردنی پرۆژەی سیاسی ئەرکی نوخبە سیاسیو ڕۆشنبیری دڵسۆزو خەم خۆرەکانی هەرووڵات و گەلێکە، کە بیەوێت بارودۆخی دەسەڵات و کۆمەڵگە باشتر کات و کەموکورتی و ناتەواویەکان تێپەڕێنێت، هاوکاری لەجوڵاندنی ئارام و ئاسایی دۆخە مەنگەکان بکات بەئاراستەی دۆخێکی گەشەکردوترو باشتر، هەروەها لەهەموو دنیادا واباوە کەحزبەکانی ناو کابینەی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی بەئەلقەی پەیەندی نیوان دەسەڵات و خەڵک دادەنرێن، کەداواو خواست و پێویستیەکانیان بگەیەننە سەکۆی دەسەڵات و بڕیارەی سیاسی، ئەم یاداشت و پرۆژەیەش لەهەمان ئاقاردایە پرۆژەو گوتاری هێزو لایەنی ئۆپۆزسیۆن جیاوازی لەگەڵ گوتارو پرۆژەی حزبو لایەنی بەشدار لەدەسەڵاتدا ڕوون و ئاشکرایە، لێرە لەم پرۆژەیەدا نەک هەرداوای گۆڕین و لادان و لێپێچینەوەی هیچ بەرپرسێک نەکراوە بەڵکو گشت ئەو کارو ئەرکانەی پێشنیاری کردون سپاردویەتیە بەرپرسانی باڵای هەرێم، بەم شێوەیە خودی یاداشت و پرۆژەکەو گفتوگۆکانی بەشێکن لەبەشداری سیاسی و بەشێوەیەکی تر سەلمێنەری ئەوەن کەئەم حزب و لایەنانە خاوەنی حکومەت و دەسەڵات نین بەڵکو بەشێکن لەو دەسەڵاتە، ئەگەر ئەم پرۆژەیە لەلایەن هەردوو حزبی گەورەی پێکهێنەری دەسەڵاتەوە بووایە دەبووە جێگەی پرسیار، کەئێوە خۆتان خاوەنی دەسەڵات و بڕیارو ئیدارەی حکومەتی هەرێمن یاداشت و پرۆژەبەکێ‌دەدەن؟ ئەمەش لایەنێکی تری ئەو ڕاستیەیە کەحزبی بەشداربوو لەدەسەڵاتدا شتێکی سروشتیە دەنگی ئەو جەماوەرەی کەنوێنەرایەتی دەکات بگەیەنێتە دەسەڵات، بۆیە پێم سەیرە بەنەفەسی فەزاو کەش و هەوای شەڕی ناوخۆ پرۆژەیەکی چاکسازی بەفیت و دەسیسە سەیر بکرێت، ئەی مەگەر ئەم حکومەت و دەسەڵاتی هەرێمە بڕیار نیە ئیئتیلافی بنکە فراوان بێت و ئەم حزبانەش تیایدا بەشدار بن، مەگەر بەشداری تا ئەوڕادە بەرتەسک و بێدەرەتانە ڕێگەی ئەوەش نیە کەبڵێت ئەم ماڵەی تیایدا هاوبەشین باهەوڵ بدەین بەشێک لەکەموکورتیەکانی چارەسەر بکەین، ئایا پرۆژەیەک بۆهاوکاری حکومەت و چاکسازی و خزمەتگوزاری گشتی پێشکەش بەخودی سەرکردەو بەرپرسانکرابێ دەچێتە چ خانەیەکی دژایەتی ئاسایشی نەتەوەیی، وئاسایشی هەریم، وشکستی حکومەت و دەسەڵاتی هەرێم، تا بەدەسیسەو فیت لێکبدرێتەوە، ئەم یاداشت و پرۆژەو گفتوگۆیانەی لێی دەکەوێتەوە یەکێکە لەئاماژە گرنگەکانی دیموکراتیەت، ئایا دەشێت دیموکراتیەت لەشوێنێکی وەها سادەدا توشی لەمپەربێت؟.

زنار: ئێوە کەلەحکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان بەشدارن، کەواتە خۆشتان لەکەم و کورتیەکانی حکومەت بەرپرسیارن، ئیدی چی پێویست بەیاداشت دەکات.

مەولود باوەمراد: هەرئەوە کەبەشدارین لەم حکومەتەو لەکەموکورتیەکانی فەرزی دەکات لەسەر ئەو حزبانە کەدەبێ یاداشت و پرۆژە ئامادەو پێشکەش بکەن بۆچارەسەری ئەو کەموکورتیانە، سەرباری ئەوەی کە بەشداری ئەم حزبانە لەحکومەتی هەرێم و پەرلەماندا ڕێ لەکەناڵێکی تری ئاگادارکردنەوەو خستنە ڕوو، خستنە بەردەستی کێشەو ناتەواویەکان ناگرێت، بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی حکومەت و وەزیرەکان و پۆستە باڵا ئیداریەکان، چونکە لەم دۆخەی ئێستادا پەرلەمانتارێک یان کوتلەیەکی بچوک، یان وەزیرێک چاوەڕێ ناکرێت فرسەتی ئەوەی بۆ بلوێت، یان ئەرکی ئەو بێت، یان لێی وەرگیرێت بەشێوەی پرۆژەیەک قسە لەسەر کۆی کێشەو ناتەواوی و پێویستیەکان و چاکسازی دامودەزگاکانی هەرێم بکات جا ئەگەر وایە بەوەزیرێک و دوو وەزیر ئەویش بەتەنها شەخسی وەزیر بەرپرسیارین لەکەم و کورتیەکانی، هەرئەوە بۆخۆی دەبێتە پاڵنەر بۆ پێشکەش کردنی پرۆژە بۆ چاکسازی کردن و چارە سەری ئەو کەمو کورتیانە.

زنار: بۆچی حزبی شیوعی یاداشتنامەکەی واژۆ نەکرد بۆچی لەحیزبەکان کشایەوەو بونە چوار.

مەولود باوەمراد: وەڵامی لای برادەرانی حزبی شیوعیە.

زنار: حیزبە ئیسلامیەکان زیاتر کاری بانگخوازی دەکەن واتە لەخزمەتکردنی ئیسلامەوە ئێستا بۆ هەوەسی دەسەڵات وەرگرتن کەواتە ئێوە ئیسلامیەتی دەکەن بۆ سیاسەت.

مەولود باوەمراد: ئەم پرسیارە زەمەنی بەسەر چووە، تەنها ئەوەندە دەڵێم بۆچی دین هەیە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و سەرهەڵدانی دەسەڵات و کۆمەڵگەی ڕێکخراو کاریگەری و کارلێکردنی لەگەڵ سیاسەتدانەبووبێ، لەئێستاش و لەئایندەشدا هەر دەبێ و هەردەمێنێ، بەجیا لەوەی ئەو دینە یەهودیە، یان مەسیحیە یان ئیسلام یان ئاینی مرۆڤ کرد، ئەم جۆرە لێکدانەوایانە بەشوێن وەڵامێکی نەزۆکەوەن، کەئیسلام و سیاسەت بەدوکایەی دژو دور لەیەک لێک بدەنەوە، ئەمە وانیە، ڕاستە ئیسلام وەحی و شەریعەت و ڕێنمایی خودایە بۆ مرۆڤو کایەکەی جیاوازە لەکایەی سیاسەت کەبەرهەمی عەقڵ و داهێنانی مرۆڤە بۆ



ڕێکخستنی ژیان‌و ئیدارەی گشتی‌و دەسەڵات، بەڵام لێک دابڕان‌و نەبوونی پەیوەندی نێوان ئیسلام‌و سیاسەت هەرگیز نەبووەو ناش بێت لەنێو کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا، بەڵام پێوەرو بنەماو ڕێساکانی چۆنیەتی ڕێکخستنی ئیسلام‌و سیاسەت لەچوارچێوەی دەوڵەتی سەردەمدا ئیجتیهادو کاری زانستی باشی گەرەکە، تا سەرەنجام لەبەرژەوەندی دین‌و دنیای مرۆڤەکان تەواو ببێت.

**زنار: چارەسەرکردنی کێشەی بادینان بەکوێ گەیشت گوایە (٣) ملیۆن دۆلارتان وەرگرتووە، ئایا کێشەکە لەڕێگای سیاسی یان دادگا چارەسەر کراوە.**

مەولود باوەمراد: کێشەی بادینان وەک چەند جاری پێشوتر بەندەو برایانی تری سەرکردایەتی ئاماژەمان پێداوە کێشەکە لەڕوی سیاسی‌و زیانی داراییەوە کۆتایی پێهاتووەو برادەرانی پارتی بەسوپاسەوە لەکاتی خۆیدا بەتەنگ کێشەکەوە هاتن، ئەوەی ماوەتەوە لایان لەتەخمینی زیانەکاندا وادەزانین لەفرسەتی موناسیبدا دەدرێت، بەڵام لایەنی یاسایی‌و حقوقی کەسەکان ماوەتەوە چونکە مافی شەخسی خۆیانەو بەخوێن ساردی لەلایەن کەسانێکەوە شەهید کراون‌و دەسەڵاتی ئەو دەڤەرە کەپارتیە مەسئولیەتی تەقسیری دەکەوێتە سەر، بۆیە دەعوای قەزایی ئەو بنەماڵانە یان دەبێت لەڕێگەی بەرپرسانی سیاسی‌و حکومیەوە چارەسەر بکرێت‌و ڕازی بکرێن‌و قەرەبووی خوێنەکانیان بکرێت‌و دەست لەدەعواکانیان هەڵگرن بەشێوەی ئوسوڵی قانونی کەئێمە وەک حزب لایەنگری ئەم ڕێگە چارەیەین، داواشمان لەبەرپرسان کردوە کە بۆ کۆتایی هێنان بەلایەنی حقوقی‌و یاسایی ئەو بنەماڵانە هەنگاوێک هەڵگرن، یان ئەوەتە وەک خۆی دەمێنێتەوە مافی تاکەکەسەو ئێمە ناتوانین بەسوڵحی سیاسی بەتەنها لەلایەن خۆمانەوە کۆتایی بەو مافە شەخسیانە بهێنین.

**زنار: حیزبە ئیسلامیەکان هەموویان یەک باوەڕو ئاینیان هەیە کەچی چەندین حیزبی جیاو سیاسەتیان جیاوازە، ئەم جیاوازیانەیان لەچی یەوە سەرچاوەیان گرتووە.**

مەولود باوەمراد: جیاوازی حزب‌و گروپە سیاسیەکان تەنها پەیوەست نیە بەهەبوونی یەک سەرچاوەی بیرو باوەڕو لێوەرگرتنی پرنسیپ‌و ڕێنماییەوە، بەڵکو زۆر ڕەگەزو فاکتەری تر هەن لەپێکهێنان و دروستکردن‌و کارکردنی گروپە سیاسیەکاندا ڕۆڵی دروستکردنی جیاوازی لێک جوداکردنەوەیان دەبینێ لەوانە میکانیزمی کارو چالاکی، جۆری سەرکردایەتی‌و هەڵوێست‌و بۆچوون بەرامبەر بەشتەکانی ژینگە کۆمەڵایەتیەکەو تاکەکانی‌و هەڵوێست‌و بۆچوون بەرامبەر دەسەڵات‌و گشت ئەو چەمکانەی پێوەی پەیوەستن، کەواتە ئەگەر بڵێین بۆچی دوو حزبی ئیسلامی لێک جودان چونکە دینیان یەکە، دەبێ بپرسین ئەی بۆچی دووحزبی نەتەوەیی لێک جودان کەلەسەریەک جەستەی کۆمەڵایەتی مرۆیی کاردەکەن‌و قابیلی تێکگەیشتنی جیاواز نیە وەک دەقەکانی قورئان‌و فەرمودە؟ ئایا هیچ جیاوازیەک هەیە لەسەر کائینێکی بەشەری کەکوردە؟ کورد بوونی مرۆڤ گەلێک لەچوارچێوەی نەتەوەییەکدا هیچ مشتومڕ هەڵدەگرێت؟ ئەی ئەم هەموو حزب‌و پارت‌و گروپە بەناوی نەتەوەییەوە لەپای چی؟ هەمان وەڵامی هەیە؟.

**زنار: لەناو یەکگرتوودا دوو ڕەئی جیاواز دەبینرێت یاخود باڵی جیاواز، ئەوانیش ریفۆرم خوازوو موحافیز کار.**

مەولود باوەمراد: لەناو یەکگرتوودا نەک دوو ڕەئی جیاواز بەڵکو چەند ڕەئی جیاواز هەیەو بۆچوونی مرۆڤە سەرکردەکانی دروستکردون‌و وەرگرتنی بڕیاری سیاسی‌و هەڵوێست دەبێ لێک جیاوازبن، ئەگینا بۆچی هەن؟ یەکێکیان بەسەو ئەوانی تر زیادن؟ بیروڕای جیاوازە بڕیارو هەڵوێستی تۆکمەو شایستەو لەجێگەدابووی لێدەکەوێتەوە، بیرو ڕای جیاوازە حزب پێشدەخات‌و بەزیندویەتی دەیهێڵێتەوە، دواتر کە بیرو ڕای جیاوازەکان بوونە بڕیارو هەڵوێستی حزب هەمووولایەک پێوەی پابەندین‌و بەرگری لێدەکەین، ئەم ئیجابیانەی بیرو ڕای جیاواز بۆخۆی هەندێ سەلبیاتیشی دەبێت، کەڕەنگە لێرەو لەوێ لەلایەن کەسانێکەوە بکرێتە بابەتی ژاوەژاو، کردنی بەپاوی ڕەخنەو بۆڵە، قسەو قسەلۆک، بەڵام شتێک بەناوی باڵی ڕیفرۆم خوازو موحافیزکار لەناو حیزبدا نیە، بەقەدەر ئەوەندەی جیاوازی بایەخ‌و گرنگیدان هەیە بەو بابەت‌و مەسەلانەی کەزەمینەی کارو چالاکی حزب دەیانگرێتەوە، ڕادەی گرنگی پێدان‌و تێگەشتنی ئەندامانی سەرکردایەتی بۆئەو بابەتانە.

# هاورێم تۆ ئایندەت دروست دەکەیت

## "بێ ئومێد مەبە، تۆ بەچاوەکانی خۆت ئەم نامە دەخوێنیتەوە"

**کۆشان عەلی**

دەزانم چەندین جار تفت لە ژیان کردووە، ئاواتت مەرگ بووە، وەنەبێ من سۆپەرمان بم لەچاو تۆدا، منیش هەمان ئازاری تۆم بینیوە، ئەڵێی چی گفتوگۆیەك بکەین؟ پێت چۆنە خۆمان لەم بێ ئومێدیە ڕزگار بکەین کە هەموو ساتێ لە هەموو کوچەیەکدا یەخسیرمان دەکات؟.

بەر لە هەرشتێ خاڵە سپیەکان بدۆزەرەوە لەناو ڕەشماڵە ڕەشەکان، مانگو ئەستێرەکان بژمێرە لەشەوە دەیجورو یەڵداکاندا.. ببینە تریفەی مانگ هەر شەوێ چۆن خۆی ئەنوێنێ.. ببینە گەر ڕۆژێ هەورەکان تەنگی پێ هەڵبچنن، ئاسمان پڕ بەدڵ فرمێسکی بۆ ئەبارێنێ..ئەو هاورێیانەت بدۆزەوە کە ئامادەن لە تەنگانەدا فرمێسکت بۆ بڕێژن..

تۆ خەم بەچی دەخۆیت؟ ئەوەی بەدەستتەوەیە یان ئەوەی بەدەستتەوە نیە؟.

وەرەو فێری ڕێسایەکت بکەم.. هەمیشە دڵخۆش بە بەوەی بەدەستتەوەیە، نەك ئەوەی نەهاتووە.. ئایندەیەك کە دیارنیە، ئایندەیەك کە خۆت دروستی دەکەیت، جێگەی خەم نیە، ئەوەی جێگای خەمە ئێستاتە، تۆ هەمیشە ئێستات لەبیر دەکەیت، بۆیە ئایندەش تۆ لەبیر دەکات، تۆ ئێستا بەگرنگ سەیر ناکەیت، بۆیە ئایندەش تۆ بەگرنگ سەیر ناکات..تۆ دەستت هەیە ئەم گۆڤارەت وا بەدەستەوە گرتووە، چەندین کەس هەن دەستەکانیان نیە، یا لەدەستیان داوە..تۆ بەچاوەکانی خۆت ئەم نامەیەم دەخوێنیتەوە، کەسانێك هەن هەرگیز جوانی ئێوارەیان نەبینوە، جوانی سپێدەو شەبەنگیان نەبینوە، کەسانێك هەن شەوان بەدیار ئەستێرە ژماردنەوە خەویان لێ نەکەوتووە، خەیاڵیان بە کاکێشانەکانەوە لێنەداوە، وەکو چۆن ئێمە لە منداڵیدا شەوانی هاوین سەیرمان دەکرد..

گەر ئەوەی هەتە بیپارێزیت هەموو دونیا موڵکی تۆیە. ئەمە یاسایەکی دیکەی، سەیر بکە، ئێمە هەندێ جار بە خەم خواردن، بە تورە بوون لەم ژیانەو کەسانی دەوروبەرمان ئەوانەی کە لەگەڵمانن لەخۆمانیان ئەرەنجێنین..چەندین جار خەمی ئەم دونیایەت بەسەر دایك و باوك و خێزانو خوشك و براو.... کەسانی دیکەدا بەتاڵ کردووە؟ چیت دەست کەوت؟ چەند جار سوپاسی یەزدانت کرد کە سپێدە لەخەو هەڵسایت؟ سوپاسی میهری سروشتت کرد بۆ هەموو بەخششەکانی؟ چەند جار دەستی دایکت ماچ کرد بۆ ئەو وەفایەی بۆتۆی هەبووە؟ ئایا تۆ ڕێزت لە ئەوانە گرتووە کە بەدەستتەوەیە؟ گەر وات نەکردبێ، هەمیشە ژیان بەو شێوە تێدەپەرێ کە دەیبینیت.. هەمیشە فرمێسکی پەشیمانی هەڵدەرێژین بۆ لەدەست چووەکان، لەشوێنی ئەوەی بەخەندەو ڕێزەوە پێشوازی لەو شتانە بکەین کە ئێستا هەمانە..

چۆن ڕۆژ دەکەیتەوە؟ چۆن دەخەویت؟ هەمیشە گەش بینیت لە سپێدەیەکی نوێدا؟ بێگومان بە ژیان بەو شێوەیە دەڕوات کە تۆ چاوەڕێی دەکەیت..بڕوا بە ناخی خۆت بهێنە هەر ڕۆژێك دەست بەژیانێکی نوێ دەکەیت، بڕوا بهێنە بەخۆت، ئەوە خۆتیت ئایندەت بەشێوەیەکی جوانو پڕ گەش بینی دادەڕێژیت، گەر ئاستەمو گرفتێ هاتە بەردەمت، بە خەندەو پێکەنین تێکی بشکێنە، کە بەهێزترین چەکە، سەرکردەو زۆردارەکانیش لەبەردەمیدا چۆك دادەن..چۆن بڕوانیتە ئەمڕۆت ئاوا دێتە پێشت، گەر ئومێدت هەبێت دەبێتە واقیع، گەر بێ ئومێد بیت دەبێتە واقیع بەهەمان شێوە..

چاوەڕێی هیممەتی تۆم.. بچۆ دووبارە ژیانی خۆت دابڕێژەوە.. پەیمان بەخۆت بدە، بزانە ئەوەی کردووتە لە خەم خواردنو بێ ئومێدی هیچ بەرهەمێکی نەبووە جگە لەوەی کە دەی بینی.. وەکو دەستی ژیان بگرە بەئومێدەوە تا ئەویش ڕۆژ بەڕۆژ بە هێمنی بەرزت بکاتەوە بۆ بەرزترین پلەی بەختەوەری..

**قوتابی لە زانکۆی کوردستان‌هەولێر** koshanali@yahoo.com



# دلشاد عومەر کاکی: شاعیرانو نووسەران لە وڵات زیاتر بەبن دەستی سیاسەتەوە بوون

گفتوگۆی: ڕێبوار محەمەد

دلشاد عومەر کاکی.. دەنگێکە لە ڕەنگاڵەکانی شیعر. لە ساڵی هەشتاکانەوە لە زۆربەی کۆڕو بۆنە شیعریەکانی کوردستان ئامادەیی هەبووە. جگە لە شیعر.. نووسینو ڕەخنەو کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە.( دڵشاد) بەچپیەوە هەناسەگەرمەکانی، وێنەو گوزارشت دەدا بە شیعر. یەکێکە لەو دەستەیەی لە ساڵانی (٨٠و٩)لە شاری سلێمانیو ناوچەکان دەنگێکی تایبەتی شیعرییان هەبووە، کە خوێنەری کورد لە بیری ناکات.. ئێستاش لە ڕۆژنامەو لاپەڕە ئەلیکترۆنیەکان، شیعرو پرۆژە ڕۆشنبیریەکانی بەردەوامەو خوێنەری خۆی هەیە.. شاعیر بۆ (١٣)ساڵ دەچێ لە تاراوگە دەژیو زۆریش دڵی لای نیشتیمانە.. ئێستاش دەمانەوێت لە ڕێگەی برووسکە ئەلیکترۆنیەکانی ئیمێلەوە بەیادی کۆڕەکانی (قەڵادزێو ڕانیە) لەم دەڤەرەوە بۆ ئەڵمانیا، هەندێ پرسیاردەخوازین بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان لەبیرو گوزارشتەکانی بەشداریمان بکات.

زنار: گوزارشتکردن لە شیعر..ئێستاکە لای دڵشادی عومەرکاکی چۆنە.

دڵشاد: بۆهەر دڵێك ئاسمانێکەو لە هەرچاوێکدا تەماشایەکە جیاواز، شیعر کتومت عەشق خۆیەتی، ئەگەر بۆ خۆشەویستی دەگەڕێی، شیعر ئەو دورایانە دەنووسێتەوە کە سۆزمانی تێدا ڕژاوە. زمانێکی ئەفسوناویەو کۆدی نهێنیەکانە، هەر شیعرە (جوان)جوانترو (ناشرین)یش ناشرینتردەکا، هونەرێکە ئاشنا بە ئادەمیزادو دەمێکە لەگەڵمدا دەژی. شیعرو ئینسان لە دوانەی ژیان دەچن..ئەگەر تاقانەو غەمگینو نیگەران بووین بەدەم ژیان بەڕێکردنەوە، بەتەنها شیعر ڕوح لە ئازارەکان خاڵی دەکاتەوە، هەر ئەویشە، واتە شیعر ڕوح لێوان لێو دەکات لە ئاسودەگیو فڕین، هەتا بڵێی شیعر شیرینەو کەچی وەك شەرابیش کەیلمان دەکات.

زنار: تاراوگە بەتۆو ئەدەبو شیعر چی بەخشیوەو چی لێ سەندویتەوە..

دلشاد: تاراوگە شتی زۆری بەخۆم

بەخشیوە، بەتەنها تەماشاکردنی ژیان‌و سەرنج دان لە گەلانی خاوەن مێژوو، زانست‌و ئەدەبی دۆڵەمەند لەبیرو زماندا دەوڵەمەندت دەکات. ئەگەر خۆت مەبەستت بێ، هەڵبەتە ئەم پێشکەوتنەی هەندێ لە گەلانی ئەوروپی هەیانە، خەباتی بۆکراوەو لەپێناو جێ بەجێکردن‌و پیادەکردنی چەمکی رۆشنبیریی‌و چەمکی ئازادی‌و سەربەستی ئەمان بۆ نەوەکانیان دڵسۆزو ماندووبوون، لێرە بە مافەکان ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ جوان دەبێ، بە تایبەتی ئەڵمانیەکان گرنگی بە داهاتووی گەلەکەیان دەدەن ئەمڕۆ کار بۆ سبەینێ دەکەن، لە هەموو بوارەکاندا هانی داهێنان دەدەن بە تەنگ زمان‌و بیروو هۆشیارییەوە دێن. هەروەك چۆن شەمەندەفەرێکی نوێ‌و فرۆکەیەکی نوێ بەرهەم دێنن، ئاوەهاش گرنگی دەدەن بە (شتیفتۆنگ)واتە ئەنستیتوتی بیرو هۆشیاری‌و زانستە فەرهەنگی‌و فیکرییەکان.. لە نێو رۆشنبیریی ئەماندا..زمان بالأدەکات‌و دەتوانێ گوزارشتێکی گەورەتر بکات. ئەمانە بەقەد کەسایەتی خۆت کەسایەتیت دەدەنێ‌و لێرە یاسا رۆڵی بەرچاوی هەیە لە ژیاندا. کەواتە یاسا بە بێ توندوتیژی سەروەرە بەسەر ماف‌و ئازادیەکانەوەو بەخشندەیە، بۆ لاری‌و ناشیرنیەکانی مرۆڤ، فێرگەو دەسەلاتە تا ملکەچ بە یاسا دەبێ.. دەشێ هەندێکیشی لێ سەندبمەوە تاراوگە، لەو شتانەی لێی شاردوومەوە، خۆرو هەوای پاك‌و خەونەکانی نیشتیمان‌و...هتد، ئیتر ئەمە تاراوگەیەو دەشێ لای زۆریش لە هاونیشتیمانیان بەسەر بەردی ئاشنای ولأتەوە، سکالاّ لە ئاسمان ولأتیان لەلا ناشیرنترو مەنفاتربێت لە تاراوگە، من بۆخۆم وای دەبینم ئەگەر هاونیشتیمانی کورد دڵی خۆش نەبوو، سەربەست نەبوو ژیانی پارێزراو نەبوو.. ئەوا جیاوازی لەنێوان زیندان‌و شەقامدا نییە.

زنار: لەنێوان ئەمرۆ دوێنێدا چ دەروازەیەك لەرووی شیعر کراوەتەوە، مەبەستم لەوەیە کە بڵێم، ئاخۆ شیعر دەتوانێ چی بکات..

دڵشاد: ئێمە گەلێکی رۆژهەلأتین، شیعرمان بە زەخیرەیەکی نیشتیمانی لەبەرچاو گرتووە. بازۆر نەچینە دواوە شاعیرانی پاش رابەرانی وەك (قانع‌و بێکەس) کە ئەوانە لەپاڵ شیعردا تێکۆشاون، بۆ ژێرخستن‌و سەرەونگونکردنی بێدادی، پیرەمێرد تێزی هۆشیاری‌و گۆران چەمکی ئیستاتیکاو جوانی هێنایە کایەوە. لە دوێنێدا شیعر زۆری کردووە، ئەگەر تفەنگ هێندە نیشتیمانی لەژێر دەستی داگیرکەر سەندبێتەوە، ئەوا شیعر بەتەنها خۆی بێ منەت کردن بەسەر نیشتیماندا پەیامی شاعیرانی نیشتیمان پەروەر بوون لەگەڵ ئەمەشدا شاعیران‌و رۆشنبیران زۆرکەمیان لەخێرو داهات‌و دەستکەوتەکانی ولأتی ئازادکراو پاداشت بوو.. زۆرجار ئەوەی بە دێڕە شیعرێك دەکرێت، بە زۆر شتی تر ناکرێت، شیعر زمانی خۆی لەگەڵ هەموو سات‌و سەردەمێکدا رێك دەخات، زمانی شیعر زمانی حاڵی گەل‌و نەتەوەیە... شاعیر رۆشنبیرو چاودێرو کۆمەککاری داخوازیەکانی تاکەکانی کۆمەڵە.

زنار: ساڵانێکەلە تاراوگە دەژیت.. جیاوازیەکانی ئەدەبی تاراوگەو ئەدەبی ناوخۆ بەگشتی چییە.

دڵشاد: تاراوگە.. ئەو جوگرافیایەی بۆ شاعیرو نووسەری کورد دونیایەك جیاوازی پێیە، نەخشەیەکی جیاوازە لەبەردەمیدا بۆ خۆنوسینەوەو تێرامان، هەڵبەتە رەخنە دەتوانێ بکەوێتە نێوانەوە.. بۆ ئەم بەراوردە. ئەوەندەی من هەستی پێبکەم، لەشێوازی نووسین‌و جۆرێك لە بزێوی‌و چالاکی‌و زمانێکی بە گوازرشتتر لای نووسەرانی تاراوگە دەبینم. فەنتازیاو زمان ستایلێکی بەرفراوان لە تێکستەکانی تاراوگە هاژەی دێ‌و ئەم پرۆسەیە لە ولأت سستتر دەبینم، شاعیران‌و نووسەران لە ولأت زیاتر بەبن دەستی سیاسەتەوەبوون، ئەگەر بڵێم ئەدەبی تاراوگەو ولأت دوو قەڵەمن بەڵام لەیەك مەرەکەب‌و لەهەمان جۆگای مەینتیەکانەوە دەخۆنەوە.

زنار: ئاخۆ ئەدەبی کوردی لە دەرەوە بەتایبەت لە ئەڵمانیا ناسراوە.

دڵشاد: ئەدەبی کوردی وەك ئەدەبی گەلان کراوە بە زمانێکی جیهانی‌و دەشێ لەمەدا کورد بەختەوەرنەبووبێت.. من پێموایە ئەو برە نووسەرەی لێرەن سەفیری شیعری کوردی نەبن، بەسن بۆ نوێنەرایەتی کردنی ئەدەبی نووسراوی کوردی، راستە لێرە بە تەوژمێکی خێراتر نووسەری کورد گەشەدەکات، بەڵام هێشتاکە مەملەکەتێکی گەورەی دەست لێنەدراو لە فەرهەنگ‌و ئەدەب‌و مێژوو شیعر لە ولأتدایە‌و بە جیهان‌و گەلانی نەناسراوە، جگە لەوەی کورد میوانێکی تازەیە لە ئەوروپا. زمان زانین کات‌و دەرفەتی دەوێ. زۆربەی زۆری پسپۆرو زمانزانە کوردەکانیش، ئێستا گەراونەتەوە بۆ کوردستان. ئەمە راستیەکەو ئەوەندە کوردەی کە لە ئەوروپا ماونەتەوە هەموو شاعیرو نووسەرو زمان زان نین.

زنار: کێن ئەو نووسور رۆشنبیرانەی کە لە تاراوگە دەنگ‌و بیرو پەیامیان دێتە گوێتان.

دڵشاد: لە کوردستان.. بەنێو بازاڕی رەشی بێدادی تێپەڕە، زۆر دەنگی رەواو حەقیش دەبینی لەپاڵ هەر نەهامەتیەکدا هیمەتێك دەبینی، لەلای ناشیرینیەوە جوانیش هەیەو فەرامۆش نییە، لەهەر دەڤەرێك دەبینی گەنجی رۆشنبیر دەبزوێ، گەلێ دکتۆرو پسپۆڕیش کە بەرهەمی ژانەکانی تاراوگەن. خۆشبەختیە بۆ ئێستاو ئایندەی کوردستان دەشێ رابەرایەتی بکەن. بۆ کۆمەڵانی ئازادیخواز گەلێ رابەری رۆشنبیریی‌و کۆمەلأیەتی هەن، رۆڵیان پیرۆزترو پێویسترە، ئەوەش جێگەی نیگەرانییە کە سەدان‌و هەزاران سەر گوێ بۆ کۆلکە مەلایەك یا بۆ میرزایەکی نەخوێندەوار رادەگرن‌و لە رووی منەتباریەوە باڵ‌و باوەش بە زرو بێبەرو کۆنخوازەکاندا دەکرێ‌و پشت لە جوانی‌و زانین‌و بەها پیرۆزەکانی نووسەران‌و مامۆستاو پەیامبەرەکانی زانست‌و نیشتیمان پەروەرانی بەرەی گەل دەکەن.

زنار: رۆڵی راگەیاندن‌و میدیای کوردی بەگشتی بەرامبەر بە نووسەری کورد چۆن دەبینی..بونی ئەو زەمینە بەرفروانەی چاپەمەنی چۆن لێك دەدەنەوە لەچی نیگەران‌و تورەی.

دڵشاد: میدیای کوردی بە روکەش پانتایی گەورەی داگیرکردووە، زۆری لە خزمەتی سیاسەت‌و دەسەلأتدایە.. ئۆپۆزسیۆنیشی لەگەڵدابێت میدیای سەربەست بەقەد بالأی دادو بێدادیەکان دەبینرێ.. دیموکراتیەت زیاتر دەسەلأت‌و پشك‌و قەوالە دابەشکردنە هەروەکو چۆن موجاهیدینی خەلق بۆ ئایندەی ئێران‌و ئێرانیەکان تەنها حیجابێکی رەش بە رەنگاورەنگ دەگۆڕێ، ئایندەی چاپەمەنی بەناو ئازادو ئۆپۆزسیۆن لەوە باشتر نابێ. لە ولأتی ئێمە دەبێ پیاو پشتی هەبێ ئەوکات رەخنە بگرێ. هەر کۆڕو کۆمەڵەو گروپێکیش کە لە دەسەلأت زویربوون، گەواهی نامەی بەرەی گەلیان پێ نییە، ئەو ململانێیە بەس نییەو نابێتە گەرەنتی‌و هیچ گەرەنتیەك لای سیاسەت دەست ناکەوێ. من شکم لەو ریفۆرمەش هەیەو لە رۆژنامە جەنگاوەرەکانیش کە کون لە جەرگیاندا نییە بەرامبەر بە دەسەلأت. دەسەلأتیش زۆرینەی پشك‌و قواڵەکانی چاپ‌و چاپەمەنی بۆ بەرەوو بایەخی رۆشنبیریی نییە وەك ئەوەندەی بۆ رازیکردن‌و دامەزراندنە. زۆرینەی ماف‌وئازادیەکان نارەوایی تێدا دەبینرێ، من نامەوێ زیاتر خۆم ناشیرین کەم، ئەگەرچی لە ولأتی ئازادو لای میدیای ئازاد زیاتر گوێ بۆ رەخنەدەگیرێ‌و گرنگی زیاتر بەوانە دەدەن کە دەست دەخەنە سەر برینەکان، بەڵام لای ئێمە ئەگەر چاوێك لە دەسەلأت یان نەیارەکانی داگرین دەبێ چاوەڕوان بین سبەی شانێکمان لێ ئەدەن.. سوپاس بۆ ئێوەو گۆڤارەکەتان.

# رۆژنامەو پشوو



هێرش رەسول دەینوسێت
رۆژنامەنووس و مامۆستای زانكۆ
herish82@yahoo.com

وەك هەمیشە دەوترێتەوە، رۆژنامە دەبێت هاودەمو هاوڕێی هەموو رۆژەكانی هاولاّتیان بێتو میوانێكی بەردەوامی ماڵەكانیان بێت. هەردەم لەپێشهاتە نوێكان ئاگاداریان بكاتەوەو نوێترین هەواڵیان پێبگەیەنێو زانیاری وردیان بداتێ. زیاتر لەوەش زۆر ئەركی دیكەی وەكو چاودێریكردنی بەردەوام، پەروەردەو فێركردن، تەرفیهی، ریكلامو بانگەشەو...تادیشی لەسەر شانە.

ئەو لقە گەورەی میدیا كە بە( نووسراو)ناسێنراوە، لەولاّتی پێشكەوتوودا تەواو ئەركی خۆی دەبینێو لەگەڵ رەوتی ژیانی خەڵكو كۆمەڵگەدا دەڕوات، رۆژانە دەبێتە هاودەمی ساتەكانی هاولاّتیانو بەكۆمەڵێك هەواڵو زانیاریو بابەتی بە سوودەوە دەچێتە بەردەمی، تەنانەت لەهەندێ شوێندا رۆژانە لە دووكاتی جیاوازدا دەردەچێت، هەم بەیانیان، هەم ئێواران، بەمەش خوێنەرانی بە داتاو زانیاریەكانی لە چركەساتە نوێكاندا ئاشنا دەكات.

لەولاّتی جیهانی سێهەمیشدا، كوردستانیش وەك یەكێك لەوانە تا ئێستا راگەیاندن بەگشتیو راگەیاندنی نووسراو بەتایبەتی نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەو نەبوەتە ئەو میوانە روح سوكە بەردەوامەی ماڵەكانی هاولاّتیان، نەبۆتە یەكەمین كەناڵی گەیەنەری پەیامەكانی وەرگرو داتاو زانیاریە تازەكان. هاودەمی ساتە جیاوازەكانی هاولاّتیان نیە، بۆ ئەمەش رەنگە كۆمەڵێك هۆكاری خودیو بابەتی هەبن، بەلاّم لەم گۆشەیەدا خۆمان لە باسكردنی ئەو بابەتانە دەبوێرین. ئەوەی مەبەستمانە نا ئامادەیی زۆر لە رۆژنامەكانمانە لە رۆژانی پشووی هاوەلاّتیاندا.

راستە رۆژنامەنووسیش وەكو هەموو هاولاّتیان پێویستی بە پشودانو گەشتو سەیرانو بەشداریكردنە لە بۆنەكاندا، بەلاّم سروشتی پیشەكەی رێگەی پێنادات لە رۆژانی پشوودا كە هاولاّتیان كاتێكی پڕیان بۆ خوێندنەوەو بەدواداچوون لەبەر دەستدایە، رۆژنامەكەی دەرنەكات!

وەك دەوترێت، رۆژنامەنووسی پیشەی گەڕان بەدوای ماندووبوون لەپێناو خۆشبەختی كۆمەڵگەدا. كەواتە پێویستە رۆژنامەكان لە رۆژانی پشوودا دەربچنو بچنە هەموو شوێنێكەوە، لەو كاتەشدا هاوكارە رۆژنامەنووسەكان دەتوانن لەناو خۆیاندا یارمەتی یەكتری بدەن لە كارەكانیانداو مۆڵەت بە یەكتری بدەن، واتە ئاڵوگۆڕ بەكاتی دەوامەكانیان بكەن، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت، هەم كارەكەیان جێ بەجێ بكەن، هەم كەمێكیش پشوو بدەن.

لە واقعی رۆژنامەنووسی ئێمەدا، نەك لە بۆنە گشتیو نیشتیمانیەكاندا، بەڵكو لەتاكە رۆژی پشووی رەسمی لە هەفتەیەكدا، هەندێ لە رۆژنامەكان دەرناچنو ناچنە بەردەم خوێنەر، كەواتە بەم جۆرە چۆن دەتوانن ئەو هاودەمە ئازیزەی خەڵكو خوێنەران بن؟!

# دڵڕەقی کەسوکار لەبەردەم خواستی شووکردنی کچەکانیان لە راپۆرتێکدا

**پەژارە مەمند صالح**

دوای ئەوەی باوکم سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نەمدات بەو کوڕەی کە خۆشەویستم بوو، پێمگووت" با پەیوەندیەکەمان بپچڕێنین". ئەویش گوتی" بابەدڵی تۆبێ، بەڵام باشبزانە تۆ هەمیشە لە دڵمدا زیندووی". بەڵام من تەنیا یەك هەفتە توانیم خۆم رابگرم گوتم یان (خۆسوتاندن یان ب). ئەمە بڕیاریاری دوو عاشق بوو کە بەڵێنیان بە یەکتری دابوو لەو دیو ئەم دونیایە یەکتری ببیننەوەو بۆ یەکتری بنەو لەوێ خانوچکەیەك دوور لە هەر مرۆڤێکی دڵڕەق بونیات بنێن. ئەمە سەرگوزشتەی (س) بوو دوای ئەوەی هەوڵوێستی باوکی بینی خۆی بەم شێوەیە یەکلایی کردەوە، کە تا لەژیاندا مابێ جگە لە کوڕە دڵخوازەکەی لەتەك هیچ کوڕێکی دی نەچێتە ژیانی هاوسەریەوە. بەڵام لێرەدا پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە، باوکی بۆچی کچەکەی بەشوو نادات، لەکاتێکدا ئەو کوڕە بە شێوازێکی جوان هاتۆتە داوای ئەم کچەو کاتی شوکردنی هاتووە؟!خاتوو (ش) بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گوتی" کاتێك ماڵی کچە بەتایبەتی باوکی کە دەزانێ ئەو کوڕەی هاتۆتە داوای کچەکەی خۆشەویستی کچەکەی بووە دڵی دەگۆڕێو دەڵێ نایدەم".

بۆ زیاتر بەراستگرتنی بۆچوونی ئەم خاتوونە بەڕێز(ن)گوتی" من پەیوەندی خۆشەویستیم هەبوو لەگەڵ کوڕێك کاتێ هاتە داوامو ماڵەوە زانیان پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتری هەبووە، باوکم گوتی: هەر بەشووی نادەم، دایکیشم دەیگوت.. ئەگەر خۆم بۆی بە بوك بچم نایەڵم شوی پێ بکەی...!" بەڕێز (ك)ش پێیوایە بیروبۆچوونی هەر خانەوادەیەکە کە بە پەیوەندی کچەکەیان دەزانن، چونکە لەدیدی ئەواندا تاوانی کردووە. من وای بۆدەچم کاتێ باوك کچەکەی خۆی نادات بەشوو بە خۆشەویستەکەی، ئەمە وەکو تۆڵەیەکی دەروونییە، لەو کۆمەڵگایانەدا شەرەفو ناموس بەستراوەتەوە بە کچەکەیانەوە. رووداوگەلێکم بینوە ئەو پیاوانەی لە کوشتنی ژنەکەی یان کچەکەیان دەگەڕێنەوە پەیامی کڕینەوەی شەرەفو مەردایەتیان بەیان دەکەن، ئەویش تەنها لەبەر پەیوەندی خۆشەویستی ئەو ئافرەتە. لە زۆر لە دیوەخانەکان بەوانە دەڵێن" کوڕی مەردانە، رازی نەبوو حەیای بچێ". یاخود لەپێناو کڕینەوەی شەرەڤی بووبە ژنکوژێکی ئازا، یاخود کوڕی شێر بوو بەخوێن حەیاو شەرەڤی خۆی کڕیەوە. کەواتە بۆ ئەم باوکە سانایيە بڕیاری وابداتو کچەکەی نەچێتە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ دڵخوازەکەی. باوکی ئەم کچە لەبەر چەند هۆیەکی پەیوەندیدار بە باری کۆمەڵایەتیو کەسایەتی خۆی ناتوانێ کچەکەی خۆی لەناو بەرێو شەرەڤی بکرێتەوە، بۆیە بەنەدانی کچەکەی بەو کوڕەی خۆشەی دەوێ تۆڵەی ئەمەی لێ دەکاتەوە. دڵی ئاو ناخواتەوە کچەکەی سنوورەکانی کۆمەڵگە ببەزێنێو دواتر بە دڵخوازەکەی بگات، چونکە گەیشتن پێی ترۆپکی شادی کچەکەیە. باوکیشی مادام ناتوانێ بیکوژێ ئەوا ئەم رێوشوێنە تابۆیە دەگرێتەبەرو ئەم دوو خۆشەویستەی لەیەك دادەبڕێ. بەڵام هەندێ لە خێزانەکان کاتێ دەزانن کچەکەیان خۆشەویستی کردووە، پێداگری دەکەن لەسەر هەرچی زوو چونە ژیانی هاوسەرگیریەوە. گەر لەمەش بڕوانین کەمێك لێکچوویی هەیە لەگەڵ سروشتی ئەو باوکەی نایەوێ بچنە ژیانی هاوسەرگیری، بەڵام ئاراستەی توندوتیژیەکەیان زیاترە بۆ ئەو کوڕەی کچی خۆشویستووە، هەربۆیەشە دەبینین زۆرترین داواکاری دەخەنە بەردەم کوڕەکەو دەیخەنە ژێربارێکی قورس. بەڵام هەر جۆرێك بێ سروشتی ئەم باوکە باشترە لەوەی دیکەیان.

نەك هەر باوك، بەڵکو دایەو براکانیش دەستیان هەیە لە کوشتنی خۆزگەی کچە ئەویندارەکەیان. سەرگەرمی ئامادەکردنی ئەم ریپۆرتاژەم بووم کە ئاشنایانکردم بەچەند کوڕو کچە لاوێك کە چاوەڕوانی دڵ نەرمبوونی باوكو خێزانەکەیان دەکرد وەکو خاتوو(ز)گوتی" باوکم هەرجارەو بیانوویەك دەگرێ، کاتێ خۆشەویستەکەم دێتە داوام جارێك دەڵێ نایدەم بەبێگانەو جارێك دەڵێ کچەکەم منداڵە، جارێکی دەڵێ کابانمان نییە.کە دڵنیام جارێکی دی بچێتە داوای دەڵێ کچمان هەر نییە". (م)یش دەڵێ " نازانم، باوکی خۆشەویستەکەم ئێمەی پێ مرۆڤ نییە، هەر ئەوە چییە خۆشەویستم بوو دەستیان کرد بە بڕو بیانو بۆ لێك دوورکەوتنەوەمان، بەڵام با چاك بزانن توندوتیژی ئەوان هیچ لە خۆشەویستی نێوانمان کەم ناکاتەوە". خاتوو(گ)ش دەڵێ" هەمووی خەتای دایکم بوو ئەو ئیشەکەی لێ ئالۆزکردم، دووجار هاتوونەتە داوام نیازیان وایە سەرلەنوێ بێنەوە". خاتوو(ڕ)ش دەڵێ" هەموویان رازیبوون جگە لە براگەورەکەم کە دەڵێ.. دنیا هەستێ نایدەم. براگەورەمانەو باوکم هەمووشتێکی بەقسە ئەکات". هەندێك لە باوکی کچەکان دەڵێن" ئێمە ئامانجمان لە بەشوو نەدانی کچ بە کوڕ.. تەنیا بوونی خراپەی کوڕەکانە وەك ئەوەیان خۆیان گوتیان" کوڕان هێشتا بۆنی شیری خاویان لە دەم دێت داوای ژن دەکەنو فلسێکیشیان لە گیرفاندا نییە ئەوان چۆن خێزان پێك دەهێنن". یان دەڵێن (لەبەر بەرژەوەندی کچەکانمانە). بەڵام ئایا بەرژەوەندی کچ چییە لە دیدی خۆیدا، یان ئەو کچانەی کە بە خۆشەویستی شووویان کردووە زەرەرمەندبوون ؟. (پ) دەڵێت" چوار ساڵ لەمەوبەر کوڕێکم خۆشویستو هاتە داوام، ماڵەوەمان زۆر سووربون لەسەر ئەوەی کە بەشووم نەدەن پێیو دەیانگوت بەکەڵك نایەت ئاواو ئاوایە، ئەویش نەهاتەوە داوام بەڵام دوای ماوەیەك بۆم دەرکەوت قسەکانی ماڵەوەمان لەسەر ئەو کوڕە راست دەرچوون". بەڵام نابێ لەم رووداوە بڕیاری تەواویو درووستی رێگری ماڵەوە بکەین لە بەشوونەدانیان بە خۆشەویستەکانیان، جگە لەوە ئەم دیاردەیە دەچێتە ریزی یاسای (ریزپەڕی)فەلسەفەوە. نابێ ئەم ئیشگەرییە خراپە لەیادکەین کە شوێنەواری خراپی لەلای هەر یەك لە کوڕانو کچان بەجێ دەهێڵێ، تەنانەت دوای چوونە ژیانی هاوسەریش خەیاڵیان هەر لای خۆشەویستی یەکەمجاریانە وەکو(ج) خان کە خاوەنی دوومنداڵەو شارێکی خەیاڵی لای خۆی رسکاندووە لەگەڵ هەر ناوهێنانێکی خۆشەویستەکەی رادەچڵەکێو دەڵێ" حەز دەکەم هاوسەرکەم وا مامەڵەم لەگەڵ بکات کە بەتەواوی لە خۆشەویستی یەکەمجارم بچێو پێموایە تا ئەبەد هەر لەگەڵ یادگاریەکانی ئەودا دەژیم". دایکی یەکێك لەوکچانەش کە نەدراوەتە خۆشەویستەکەی دەڵێ" وەلا چیت



لەنێوان خەونی کەژاوەی زێڕین و دڵڕەقی کەس وکار، شەمەندەفەری تەمەن دوا وێستگەکانی جێدەهێڵێ

عەرزبکەم، لەکاتی هێرشەکەی سەدام کچەکەم لەگەڵ کوڕە دراوسێیەکەمان یەکترییان خۆشدەویست سێ جار هاتە داوای بەڵام باوکی گوتی: بەمێردی نادەمو نایدەم بەم کوڕە. ئێمەش زۆر لەگەڵی خەریکبووین بەڵام بێفایدەبوو.. ئەو فەقیرەش چوو بۆ شاخ بەو نیازەی گەر هاتەوە بچێتە داوای، بەڵام باوکی سوێندی خوارد گەر رەئیس جمهوریش لەگەڵ خۆی بهێنێ نایدەمێ، بەڵام قەدەری خودا وابوو ئەو کوڕە لەشاخ نەیتەوەو بکوژرێ، بەخودا کچەکەم سێجار نەوتی بەخۆیدا کردووە تا خۆی بسوتێنێ، تەواو مێشکی تێکچووە لەخەودا بانگی دەکەن، بەڵام دواتر باوکی کاڵەکی بە ئەژنۆ دەشکاند، زۆر بەداخی ئەوەبوو کە ئەو کارەی نەکردبا". (ح)ش گوتی" راستە خێزاندارم بەڵام قەت ئەوەم بیرناچێتەوەو قەت گەردنی باوکی ئازاد ناکەم کە لەهیچو خۆڕایی ئێمەی ئەوا لێکرد". هەر لە سۆنگەی ئەم دڵڕەقیەی خێزانەکان لەبەرامبەر کچەکانیان حاڵەتی وەك( فرەژنی، رەدووکەوتن، قەیرەیی کچو رەبەنی پیاو، قوربانی دانی هەریەکە لە کوڕو کچ، هەروەها درووستبوونی دوژمنایەتیو...تاد)دروست دەبێت، وەکو خاتوو(ل)دەڵێ" لە دێکەی خۆمان لەگەڵ کوڕێکی پێشمەرگە یەکتریمان خۆشدەویست، چەندینجار هاتە داوامو ماڵەوەمان نەیانداام بەم کوڕە، بەڵام کاتێ ماڵەوەمان زانیان ئێمە یەکترمان خۆشدەوێت، بڕیاریاندا بەشووم بدەن، منیش بەوە رازی نەبوومو منو خۆشەویستنەکەم بڕیارماندا بەیەکەوە بڕۆین". خاتوو (گ)ش دەڵێ "کاتێ باوکم بەزۆری منی دا بەشوو من لای مێردەکەم رۆیشتم، یەك زەڕڕە چییە مێردەکەم خۆش نەدەویست نەمدەتوانی خۆشەویستی یەکەمجار لەیاد بکەم، ئەویش بۆمن هەروابوو، بۆیە بڕیارماندا لەگەڵ یەکتری بڕۆین". لەمەوە بۆمان دەرکەوت کە زۆر جار کەسێکی دی کە هیچ پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە دەبێتە قوربانی ئەویش مێردی خاتوو(گ)زۆر بێ ئاگا لەوەی کە هەبووە دەکەوێتە ئەم داوەوە وەك دەزانن هۆکاری ئەوە دیسان بەشوونەدانی کچە بە خۆشەویستەکەی. زۆربەی حاڵەتەکانی رەدووکەوتنیش لە ئاکامی بەیەك نەگەیشتنی دوو عاشقە کەلەبەر باری خێزانو کۆمەڵگە ناتوانن بەیەك بگەن، بەڵام دڵ حکومیان پێدەکاتو ئەم رێگەیە هەڵدەبژێرنو خۆیان بەر تیرو توانجی کۆمەڵگە دەدەن کە هەندێکجار دەگاتە رادەی کوشتنی هەردوو کەسەکەش.. وەك (ف) دەڵێ"دە جار چوومە داوای بەڵام بێسوود بوو نەیاندامێ، باوکی خۆشەویستەکەم لای باوکم گوتبووی" بۆ ژنی بۆ ناهێنن لەخۆی رانابینێ؟!"، ناچار لە ژێر فشاری ماڵەوەدا خزمێکی خۆمانم هێنا، بەڵام هەرچی دەمکرد نەمتوانی دەستبەرداری خۆشەویستەکەم ببم، کە دوای سێ ساڵیش پەیوەندیمان هەرمابوو، دواتر کە باوکی مرد چوومە داوایو ژیانی هاوسەریمان پێکهێنا". پورە(حەیات) کەژنێکی بەساڵاچوو بوو لەم بارەیەوە رای خۆی گوتو دەڵێ" من لەوەتەی فام دەکەم شتی وا زۆر دەبینم، لەبیرمە لە گوندەکەماندا کوڕێك هەبوو ناوی (کاوە)بوو، لەگەڵ کچی موختاری گوندەکەماندا پەیوەندی بەستبوو، دوو سێ جار داوای کردبوو، پێیان گوتبوو تۆ فەلاحی بۆیە ژن نادەین بەتۆ، وەك ئەوەی فەلاح خودا درووستی نەکردبێ، کوڕەکەش لە داخان خۆی کوشت، ئەوەندە لەمێژ نییە لە دێیەکی تەنیشتمان کوڕی حاجی (ع) حەزی لە کچی (س)دەکرد، چوو بۆ داواکردنیشی بەڵام هەر نەیاندایە، دواتر لە رقان کچەکەیان بەشوودا کچەکەش لەتاوان شێت بوو. پورە حەیات زۆر رووداوی لەمجۆرەی لای بوو بەلام ئێمە لەبەر هەندێك ئیعتباراتی کۆمەڵایەتیو تایبەتمەندی هەر لایەکیان بڵاومان نەکردنەوە.

بێگومان قەیرەیی کچان لەناو کۆمەڵگەی کوردی هۆکارەکەی بۆ ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە کە کەسو کاری کچەکان رێگرن لە شوکردنی کچەکانیان بەو کەسانەی خۆشیان دەوێنو ئەوانەی بە ئارەزووی خۆیان هەڵیان بژاردوون. خاتوو(خ)ی تەمەن ٣١ساڵ دەڵێ" من لەگەڵ خۆشەویستەکەم زۆر بە پاکی یەکتریمان خۆشدەویست، چەند جارێك هاتە داوام کەسمان رازی نەبوو. پێیان دەگوتم" جارێکی دی بێتەوە داوات دەتکوژین..!"، بەڵێ، ئەوان زۆر بەجددی ئەو قسەیان پێگوتم، چونکە دوا جار کە هاتنەوە داوام لەماڵەوە زۆریان لێدام، منیش بۆ ئەوەی هیچ روونەدات پێمگوتن " هیچی دی مەیەنەوە داوام"، دووساڵ زیاتر بوو هەروا مایەنەوە، دواجار خۆشەویستەکەم ژنی هێناو بەڵام چاك دەمزانی ناچار بوو ئەم کارەبکاتو بەدڵی خۆی نەبوو، منیش دوای ئەوە زۆر داواکاریم هاتن، بەڵام هیچیان جێگەی خۆشەویستی یەکەمجارمیان

نەگرتەوەو نەشم دەتوانی هیچ کوڕێك بەدبەخت بکەم‌و لەلای ئەو بم‌و دڵم لای یەکی دیکەبێت.. ئیدی تا ئێستا لەگەڵ یادگاریەکانی ئەودا وردە وردە ژیان بەسەر دەبەم". خاتوو(ه)ش دەڵێ" خۆشەویستەکەم داوای دەکردم، ماڵەوەمان رازی نەبوون، ئەویش زۆر بە هیوابوو، هەر دەیگوت ئەمجارە نا جارێکی دی خودا دڵیان نەرم دەکات، تا وایلێهات ماڵەوەمان هەڕەشەیان لێکردن، دواتر ئەویش رۆیشت بۆ دەرەوەی وڵات‌و ئێستاش وا تەمەنم بۆ ٣٥ ساڵ دەچێ، ماڵەوەمان زۆر داوای شوکردنم لێ دەکەن، بەڵام من شووناکەم‌و ماڵەوەمان هۆکاری قەیرەیی من‌و هەرگیز شووناکەم". لەسەر ئەم بابەتە مامۆستایەکی ئایینی کە پێی چاك بوو ناوی بڵاونەکەینەوە دەڵێ" کاتێ کوڕو کچێك دەکەونە داوی عەشقی یەکتریەوەو زۆر بەپاکی یەکترییان بوێت‌و لەسنووری شەرعدابێت‌و ژوان‌و ژوانکاری تێدانەبێت بۆ مەبەستی شەرعی، گەر کوڕە بچێتە داخوازی کچەکەو باوکی کچە مانع بێت، ئەوا لێرەدا هەرتاوانێك کوڕوکچێك بیکەن لە ئەستۆی باوك دایە.. وەکو خۆسوتاندنی کچەکە، یان رەدووکەوتن هەر رووداوێکی دی باوکی بەرپرسیارە لێی". هەروەها گوتی" لەسەردەمی ئێستا لاوانی کوڕو کچ زۆر سەرکەش‌و یاخین، لەوانەیە بەهۆی بەیەك نەگەیشتنیان تووشی لادان‌و لاڕێ بن، چونکە ئینسان خاوەنی ویست‌و نەفسە، ئیسلامیش ژیانی هاوسەریەتی داناوە وەك رێگەیەکی شەرعی بۆ تێرکردنی نەفس‌و رووحی مرۆڤ، گەر کوڕو کچەکەش لەرێگەی خۆشەویستیانەوە بخوازن بچنە ژیانی هاوسەریەتی نابێ باوکەکە رێگربێت، مادام کوڕەکە بەڕەوشت‌و بەدینە، بە چوونە ژیانی هاوسەری ئەوان لادەدات لە شتی خراپ".

مامۆستا﴿ یوسف عوسمان محەمەد﴾ پسپۆری دەرونزانی لە پرۆگرامەکانی پەروەردە لە هەولێر لەمەڕ رێگری خێزان لە کچەکانیان کاتێ گەرەکیانە لەتەك خۆشەویستەکانیان بچنە ژیانی هاوسەرگیری دەڵێ" لە کۆمەڵگەی کوردی خۆمان کە تا سەر ئێسقان غەرقی کولتووری دەستاو دەستبووین، بێگومان ئەو دایك‌و باوکە هەمان ئەو پەروەردەیەو بۆچوونەی هەیە سەبارەت بە خۆشەویستی. لە دیدی سایکۆلۆژیدا باوك یان بەگشتی خێزان، لە دوو روانگەوە بۆ خۆشەویستی دەچن:

١ کاتێ دەزانن کچەکەیان خۆشەویستی کردووە، وا هەست دەکەن ناپاکی لەخێزاندا کردووە. چوونکە چۆن دەبێت ئەو هێڵە سوورانە ببەزێنێت کە ناوی خۆشەویستییە، ئەوان وادەزانن هەموو

**دوای ئەوەی کەس‌وکارم رازی نەبوون مێردی پێبکەم، ئەویش بەناچاری ژنی هێنا، منیش زۆر داواکاریم هاتن، بەڵام هیچیان جێگەی خۆشەویستی یەکەمجارمیان نەگرتەوەو نەشم دەتوانی هیچ کوڕێک بەدبەخت بکەم‌و لەلای ئەو بم‌و دڵم لای یەکی دیکەبێت**

خۆشەویستیەك لە دەرەوەی سنووری ئەندامانی خێزان بۆ کەسێکی تر بەیەکگەیشتنی جنسییە، ئەمەش خاڵێکی ڕەشە لەناو خێزاندا.

٢ باوك هەمیشە پابەندی کۆمەڵگەیە، هەرچەندە رۆشنبیرو کراوەشبێت، لەژێر فشاری کۆمەڵایەتی دەرناچێ، کاتێ دەنگۆی ئەوە هەبێت کچەکەی لەسەر بنچینەی خۆشەویستی شویکردووە، گەر ئامۆژاشی بێت واهەست دەکات بەچاوی سوك لەناو کۆمەڵگە سەیریان دەکرێ. بۆ پارێزگاری کردنی ئەم دوو خاڵەش باوك بەردەوام لە کوڕەکە دەپرسێت کچەکەی منت لەکوێ بینیوە، بۆچی هاتوویتە داخوازی، گەر بڵێ خۆشەویستم بوو لە فەرمانگە یان خوێندنگە، ئەوا هەڵەیەکی گەورە روودەدات‌و، رەنگە ئەم دوو عاشقە بەیەك نەگەن، بەڵام کاتێ کوڕە بڵێ من بۆیە هاتوومەتە خوازبێنێ کچەکەی تۆ چوونکە سەرسامی پەروەردەو خێزانی باشی ئێوەم، دەنا پەیوەندیم لەگەڵ کچەکەی ئێوە نەبووە، لەو کاتەدا باوکەکە بە گەشبینیەوە وەڵامی کوڕەکە دەداتەوە. بەڵام ئەم کولتوورە وایکردووە گومان لە هاوسەریەتیدا دروست ببێ، بۆیە بەردەوام خێزانەکان لە یەکتری دەپرسن، بەتایبەتی مێرد لە ژنەکەی دەپرسێ، ئاخۆ کاتی خۆی پەیوەندی لەگەڵ کەس هەبووە، یاخود لەکوێ یەکترییان بینیوە، ئەمەش هەمان گومانی باوکەکە دووبارە دەبێتەوە. زۆرجار باوك قەناعەتی بە خۆشەویستی هەیە، بەڵام بۆ کوڕەکەی نەك بۆ کچەکەی، لەوانەیە باوکەکە بە خۆشەویستی ژنی هێنابێت، کەچی زۆر لەکچان بە دزی باوك‌و خێزان‌و کۆمەڵگە خۆشەویستی دەکەن. چەندان کوڕو کچ بە یەکتری گەیشتوون کە چەند ساڵ یەکترییان خۆشویستووە کەس نەیزانیوە.. هەندێ بۆچوونی دەروونی هەیە کە ئەم شێوازی بیرکردنەوەی باوك لە دەرەوەی ویستی خۆیەتی‌و لەبەر داب‌و نەریتی کۆمەڵایەتییە". هەروەها دەڵێ" کچان‌و کوڕان لەتەمەنی زوودا وەك تەمەنی خۆناسین بۆ دوورکەوتنەوە لە فشاری باوك لە هەرزەکاریدا خۆشەویستی دەکەن، ئەم خۆشەویستیەش لەبەر نەریت‌و کۆمەڵگە زۆر ناخایەنێ، یان هەر کە لە پەیوەندیەکە سەرکەوتوو نەبوون، ئەوا دوای هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دیکەدا ئەو خۆشەویستیە شوێنەواری خۆی دەمێنێت جا چ بە یادکردنەوەبێت یا بینینی کەسێك یا شتێك کە لێکچووبێت لەگەڵ خۆشەویستە کۆنەکەی، خۆشەویستی راستەقینە مەحاڵە لە دڵی کوڕو کچ دا ونبێت جا بابەیەکتریش نەگەیشتبن".

# هۆڤان خەلیل: تا ئێستا هیچ



**دیمانە: سەروین بێوار**

زنار: گەر سەرەتایەکمان لە بارەی ژیانی خۆت بۆ باسبکەی، ناوی تەواوت و لە کوێ و کەی لەدایک بووی.

هۆڤان: ناوم هۆڤان خەلیلە لە شاری بەغدا لە ساڵی ١٩٨٣ لە دایک بووم، ئێستاش قوتابی قۆناغی چوارەمی بەشی وەرگێڕانم لە زانکۆی سەلاحەدین، لە ڕێکەوتی ٥/١١/ ٢٠٠٣ لە رادیۆی پێشکەوتنی سەر بە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دامەزرام وەکو بەشی تەنسیق، پاشان بە

# ڕێکخراوێکی ئافرەتان سەرنجی منی ڕانەکێشاوە

بڕیاری ئەنجوومەنی کارگێڕی ( ی،ل،د،ك) پلەم بەرزکرایەوە بۆ ئەندام بەشی ڕاگەیاندنو سەرپەرشتیاری ڕادیۆ.

زنار: تۆ بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو ئافرەتانەی لە بواری ڕاگەیاندن، بە ماوەیەکی کەم پاش دامەزراندنت لە ڕادیۆی پێشکەوتن بویتە سەرپەرشتیاری ڕادیۆ، هۆکارەکەی چیە بەرای تۆ.

هۆڤان: ڕاستیەکەی هاتنی من بۆ ناو دنیای ڕاگەیاندنو تێکەڵبوونم لەگەڵ ئەو بوارە، پەیوەندی هەبوو بەو بەهرانەی کە لەناخی مندا بە پەنهانی هەبوون، گەرچی لە ڕاگەیاندن پێشینەیەکی ئەو تۆم نەبوو، بەڵام بەردەوام حەزو خولیاو خەونی گەورەم ئەوەبوو ڕۆژێك لە ڕۆژان لە بوارێکی ڕاگەیاندن توانا شاراوەکانم بدۆزمەوە، ڕادیۆی پێشکەوتن ئەو شوێنەبوو کە هاوکارو پاڵپشتی تەقینەوەی کانیاوی بەهرەکانم بوو، بۆیە وەك گوتم من پاش هەستکردنم بە بوونی بەهرەیەکی شاراوە لەناخمدا ئینجا بڕیارمدا لە ڕاگەیاندن کاربکەم، ئێستاش وەکو سەرپەرشتیاری ڕادیۆی پێشکەوتن ڕۆڵی خۆم دەبینمو لە هەوڵی بەردەوامیشدام تاکو تواناکانی خۆم زیاترو زیاتر بەرەوپێش بەرم، ماوەتەوە بڵێم دنیای ڕاگەیاندن دنیایەکی فراوانو بەرینو گرنگو بەبایەخە ئەوەی زۆر وریاو ژیرنەبێت لە ناویدا دەخنکێتو خۆی لەدەستدەدات.

زنار: هەموو ئافرەتێک کاتێك دەیەوێت لە دەرەوەی ماڵو پاشان لە ڕاگەیاندن ئیش بکات ڕووبەروی کۆمەڵێك سەختیو دژواری دەبێتەوە، دەکرێت بزانین هۆڤان خان هیچ کێشەی وای بۆ دروستبووە.

هۆڤان: بێگومان کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتیو دواکەوتووە، بەردەوامیش لەو جۆرە کۆمەڵگایانە یەکێك لەو ڕەگەزانەی کەتووشی کێشەو گرفت دەبنەوە ڕەگەزی ئافرەتە، دیارە منیش گەر لە حاڵەتێکی وادا کێشەم بۆ دروستبوبێت شتێکی ئاساییە، بەڵام خۆشبەختانە چونکە خێزانەکەی ئێمە بەبەراورد لەگەڵ خێزانەکانی دیکەی کۆمەڵگاکەمان کراوەترو شەفافتربوونە، بۆیە من لە ناو ماڵی خۆمان لەو بوارە کەمترین کێشەم نەبووە، گەرچی ڕەنگە لە دەرەوە پلارو توانجم ئاراستەبکەن، بەڵام هەرگیز گەورەییو ڕێزی کارو پیشەو بەهرەکانم بە قسەی خەڵکانی بەغیلو خۆپەرست لە لابچوك نابێتەوە، بڕیاریشم داوە قەت حیساب بۆ گۆتە گۆتی ئەو ئەم نەکەم، چونکە گەر وابکەم کارم بۆ ناکرێت، کەسێك گەر تموحی زانینو فێربوونو خزمەتکردنی هەبێت نابێت هیچ بایەخێك بۆ خەڵکانی نەزانو نەفام دابنێت.

زنار: بەگشتی ڕەوشی ئافرەتانی ڕاگەیاندکار چۆن دەبینی.

هۆڤان: لە کوردستان هێشتا تێگەیشتنو قبوڵکردنی ئافرەت قۆناغی هۆشیاری ژیانی لادێکانی نەبریوە، بۆیە ئافرەت لە جۆرە وڵاتانە کەمتر دەرفەتی کارکردنی لە دەروەو بەتایبەتیش لە بوارێکی هەستیاری وەکو ڕاگەیاندن دەبێت، خۆ گەر هەندێك ئافرەتیش هەبن لەو بوارەدا خۆیان ببینەوە، بێگومان ژمارەیان زۆر کەمەو وەکو پێویست ناتوانن خۆیان بسەلمێنن، لای خۆمان جێگای خۆشحاڵیە کە دەبینین ئافرەتانێك هەن لە بواری ڕاگەیاندن کاردەکەن، دەبێت ئێمەو هەموو کۆمەڵگاش ئەو ڕاستیەبزانین کە لەهەر وڵاتو دەوڵەتێك گەر پێشکەوتن هەبووبێت ئەوا ئافرەتیش ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی ئەو پێشکەوتنە هەبووە، واتا گەر بمانەوێت خۆمانو دەوڵەتو کۆمەڵگا بەرەو پێشبەرین دەبێت زیاتر بوار بۆ ئافرەت بڕەخسێنین.

زنار: تۆ پێت وایە کەسی سەرکەوتوو کێیە.

هۆڤان: بێگومان ئەو کەسە سەرکەوتوە کە بڕوای بەخۆی هەبێتو تواناى بەرەنگاربوونەوەى بەربەستو ئاستەنگەکانى هەبێت، ئەوانەی هەمیشە خۆیان بە لاوازو کەم توانا دەزانن بەردەوام ئەو کەسانەن کە دۆڕاونو لە ژیان بێئومێدبوونە، مرۆڤ بۆ ئەوەی هەمیشە لە ڕۆشتنو هەنگاونانی بەرەو سەرکەوتن بەردەوامبێت پێویستە لەسەری ورە بەرنەداتو باوەڕی بەخۆی هەبێت، لە وانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان تووشی نا ئومێدیو بێتاقەتی ببیەوە، بەڵام ئەنجام گەر نەترسێیت هەر سەردەکەوی.

زنار: کۆمەڵێك ڕێکخراوی حزبیو ئەهلی تایبەت بە ئافرەتان هەیە، ئایا ئەم ڕێکخراوانە توانیویانە نوێنەری ڕاستەقینەی ئافرەتان بنو ببنە پەناگەیەك بۆ ئافرەتان، خوێندنەوەی تۆ لەم بارەیەوە چییە.

هۆڤان: تا ئێستا هیچ ڕێکخراوێکی ئافرەتان سەرنجی منی





رانەکێشاوە کە چالاکیەکی باشی کردبێ، واتە نەیان توانیوە ببنە نوێنەری راستەقینەی ئافرەتان‌و پەناگەیەك بن بۆیان.. ئەمەش بەمانای ئەوە نییە کە هیچیان نەکردبێ، بەڵکو هەوڵ دەدەن‌و ئیش دەکەن، بەڵام بە جددی کاریان لەسەر دۆزو کێشەکانی ئافرەت نەکردووە.

زنار: چەندان رۆژنامەی تایبەت بە ئافرەتان‌و رۆژنامەنووسی ئافرەتمان هەیە، ئایا ئەمانە رۆڵی کارایان هەبووە لە بەرزکردنەوەو بەرەوپێشبردنی ئاستی رۆشنبیریی ئافرەتان‌و خستنە رووی داواو کێشەکانیان.

هۆڤان: تێیاندایە بە روحی جددیەوە هەوڵی داوە رۆڵی کارا ببینێ، بەڵام تەنیا بە وتار نووسین گرفتی ئافرەتان چارەسەر نابێ، لەگەڵ ئەوەشدا خستنەرووی کێشەکانی ئافرەتان لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکان‌و میدیا بەگشتی شتێکی باشە، ئەمەش خاڵێکە بۆ چارەسەر کردن. کەواتە بەجۆرێك لە جۆرەکان دەتوانین بڵێین هەندێك لە رۆژنامەکان‌و ئافرەتانی رۆژنامەنووسیش رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە خستنەرووی راستەقینەی ئافرەتان‌و وشیارکردنەوەیان، بەڵام ئەمە خەباتێکی بەرفراوان‌و پشوودرێژی دەوێت.

زنار: جەنابت لە رێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کار دەکەیت، خوێندنەوەت بۆ ئەم رێکخراوە چۆنە.

هۆڤان: یەکێتی لاوان مێژوویەکی درێژوو دێرینی هەیە لە خەباتکردن لە پێناو خزمەتکردن بە لاوان‌و داکۆکی کردن لە مافەکانیان، ئەم رێکخراوەیە هاوشان لەگەڵ رێکخراوە جیهانیەکانی لاوان‌و قوتابیانی جیهان، لەسەر دەستی باوکی روحی بارزانی نەمر هاتۆتەدی. قۆناغ بە قۆناغ بە پێی میکانیزمی سەردەمیانە کاری کردووەو خزمەتی بە لاوان کردووە، هەر لە دامەزراندنی لاوان‌و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیرییان‌و دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامەو دامەزراندنی رادیۆ بۆ لاوان‌و هاوکاری مادی بۆ ئەو لاوانەی کە تازە هاوسەرن یان، ئاهەنگی بە کۆمەڵی بوك گواستنەوەو دروستکردنی کۆمەڵگەی لاوان بۆ نیشتەجێبوون، کەواتە یەکێتی لاوان بەپێی پێویست پرۆژەی هەبووە بۆ لاوان‌و بەبێ رەچاوکردنی جیاوازی رەنگ‌و ئایدۆلۆژیا.

زنار: تاچەند لەگەڵ ئەو قسەیەدای کە دەڵێن، ئافرەتانی راگەیاندن یان لەهەر شوێنێکی دیکە لەلاەن پیاوەوە ئیسغلال دەکرێن.

هۆڤان: راستە لەبواری راگەیاندن ئیستغلال هەیە، بەڵام ئەمەش بەپێی کەسایەتی ئافرەتەکە دەگۆڕێت، واتە نابێت بەیەك چاو سەیری هەموو ئافرەتانی راگەیاندن بکرێت. ئافرەت هەیە خۆی وا لەخۆی دەکات کە ئیستغلال بکرێت. پێویستە ئافرەتان زیرەك‌و وشیاربن بەرامبەر بەو کەسانەی کە دەیانەوێ ئیستغلالی بکەن. ئەو ئافرەتانەی کە رووبەروی ئەم رووداوانە دەبنەوە نابێ واز لە راگەیاندن بێنن، بەڵکو دەبێ تەحەدای ئەو کەسانە بکەن، تا ئەو جۆرە پیاوو بەرپرسە پیاوانە بەهۆش خۆ بێنەوەو بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەم ئافرەتە لەو جۆرە کەسانە نییە. هەندێك ئافرەت هەیە لاوازەو زوو خۆی تەسلیم دەکات، هەشە لە ترسان واز لە راگەیاندن دێنێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئافرەتی راگەیاندنمان زۆر کەمە، بۆیە پێویستە ئافرتان سنوورێك لەنێوان خۆیان‌و پیاواندا دابنێن بۆ ئەوەی دووچاری ئەم رووداوە نەبن‌و کەسایەتیان پارێزراوبێت.

زنار: تا ئێستا کەس پێی گوتووی خۆشم دەوێیت؟

هۆڤان: بەڵێ لە یەك کەسیش زیاتر

زنار: جوابت چی بووە.

هۆڤان: با جوابەکەی لای خۆم‌و ئەوبێت

زنار: ئەو کوڕەی کە ئێستا دەزگیرانتە بەڕێکەوت بوو یان لە رێگەی خۆشەویستیەوە بوو.

هۆڤان: بەڕێکەوت بوو، بەڵام لە عیشقەکە باشتر بوو، چونکە رێکەوتەکە ئەوەندە موعجیزەیە، ئەوەی لە زەینی مندابوو لەودا مەوجودن.

زنار: بۆچی شوت بە کوڕێکی خاریجی کرد، ئایا هەمان سیفەت لە کوڕێکی دانیشتووی کوردستاندا هەبوایە شوت پێدەکرد.

هۆڤان: قەدەر منی هەڵبژارد، ئەوسیفەتانەی لەودایە گەر لە کوردستانیش بایە شوم پێدەکردو هەمان حیساب بوو.

زنار: چۆن دەڕوانیتە چەمکی هاوڕێیەتی لەنێوان کچان‌و کوڕان، بەتایبەتی لە زانکۆدا کە بۆخۆشت قوتابی زانکۆی.

هۆڤان: شتێکی پیرۆزە، بەڵام شارەزایی دەوێ لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە دەبنە هاوڕێت، چ کوڕبێ یان کچ. دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی رۆشنبیریی‌و ئایدۆلۆژیاو هەڵسوکەوتیان بکەین، من پێم



شتێکی باشه که هاوڕێیەتی لەنێوان کچانو کوڕاندا هەبێت، بۆ ئەوەی ئەم دوو رەگەزه لێك جیایه زیاتر لەیەکتری تێبگەنو کەسایەتی رەگەزی بەرامبەریان باشتر بناسن. ئەم دوو رەگەزه پێکەوه تەواوکەری یەکترین، واته رەگەزێك بەتەنیا کەسایەتیەکی ناتەواوه.

زنار: دەڵێن( هۆڤان خان) کەسێکی روح گەورەو خۆ بەگەوره زانه بۆچی وایت.

هۆڤان: بەپێچەوانەوه لەبەر ئەوەی من حەزناکەم کەس تەدەخولی ژیانو کاروباری من بکات، لەبەر ئەوه به کەسێکی روح گەورەم سەیر دەکەن، خەڵکی ئێمه تەنها به ڕواڵەت سەیری کەسی بەرامبەر دەکاتو هەڵی دەسەنگێنێ، واته هەڵسەنگاندن بۆ روحیەتی کەسەکان ناکا، بۆیه لەو روانگەیەوه رەنگه خەڵکی وا لەمن گەیشتبن که کەسێکی روح گەورەم، بەڵام وانییه.

زنار: بیرەوەریەکی کاتی پەخشی رادیۆییمان بۆ باس بکه.

هۆڤان: خۆی پەخشی راستەوخۆ گرفتی زیاتره وەك له ناراستەوخۆ، چ تەکنیکی بێ یا پەیوەندی، رۆژێك میوانداری گۆرانی بێژێکمان کردبوو، پێنج خولەك بەرنامەکه دەستی پێکردبوو کارەبای نیشتیمانی بڕا، مووەلیدەکەشمان تێکچوو بوو، ئەمه بۆمن زۆر ناخۆش بوو، چونکه پەخشەکه وەستا.

زنار: به روخسار وادیاره کەسێکی شەڕانیت.

هۆڤان: ناوەڵلاّ، بەلاّم زیاتر حەز به مناقەشەو دیالۆگ دەکەم لەگەڵ کەسی بەرامبەر، بەلاّم رەئی خۆشم بەسەر کەسدا فەرزناکەم.

زنار: بەچی توڕەدەبیت.

هۆڤان: کاتێك بەرامبەر لێم تێنەگات یان کەسێکی دووڕووبێت.

زنار: له گۆرانی بێژەکان حەزت له دەنگی کێیه.

هۆڤان له عەرەبی(کازم ساهیرو ئەلیسا)یه لەکوردیش( ئەیوب عەلی)و له ئینگلیزیش ( بێونس)یه.

زنار: حەوزت له چ جۆره خواردنێکه.

هۆڤان: حەزم له تەبسیو شێخ مەحشی یه.

زنار: ئەی له چ خواردنێکدا کابانی باشی.

هۆڤان: له تەماتەورۆنو هێلکه.

زنار: عەشق بەلای تۆوه چی دەگەیەنێ.

هۆڤان: ناتوانم پێناسەی عەشق بکەم، چونکه عەشق ئیحساسەو زۆرجاران ئینسان خۆی لێی تێنگات. بەلاّم کەی عەشق بویت کەسێکی هێمنو ئارامەوەبێتو به تێگەیشتن کاردەکەی، وات لێدەکات تەنازول بکەیت، من تەنیا له عەشقدا ئامادەم تەنازول بکەم.

**هەندێك ئافرەت هەیە لاوازەو زوو خۆی تەسلیم دەکات، هەشە لە ترسان واز لە راگەیاندن دێنێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئافرەتی راگەیاندنمان زۆر کەمە**



## بەكر پشدەری

# شاعیرێكی بێدەنگ‌و ئاوێنەیەك لە جوانی

دیداری: رێبوار محەمەد

دەنگەكان، كەركوك قودس‌و دڵی كوردستانە، زێڕوگەڕ، گۆرانیەكانی شاعیرێك، كۆی چوارینەكان، كەبێدەنگی دادەگیرسێ، ئاڵا، رازی ئاوارەكان.. ئەمانە ئەو دیوان‌و بەرهەمە ناوازانەن كە بەكر پشدەری شاعیر خستوویەتە ناو كتێبخانەكانەوە. ئەوەی كە بەكر پشدەری بناسێ لە رەنگ‌و روو تا بڵێی جوان لە قسەكردندا هێمنی لە بەڵێندا تابڵێی سەر راست. كەدەبینی جیاواز لە زۆر شاعیرو نووسەرو ئەدیبەكان، ئەو بە شیعرەكانی هەمیشە خەمەكانی نیشتیمانی كردۆتە ملوانكەیەك. تاكو ئازادی ببینێ. ئەو خاوەنی یەك خەڵاتە كە ناوەندی ئەدەبی كوردی پێی بەخشیوە لەناویاندا مەدالیای زێڕینی تێدایە. لە دیدارێكدا زنار بە پێویستی زانی ئەم شاعیرە ماندووە بەسەر بكاتەوە.

زنار: تۆماوەی چەند ساڵە لە پشدەر دووركەوتوویەوە.

بەكر پشدەری: من لە ساڵی ١٩٦١ لە گوندی هێرۆی ئازیزی پشدەر لە دایك بووم، خۆشەویستی ئەو دەڤەرە وایلێكردم كە ئەم نازناوە هەڵبژێرم، چونكە ناوچەكەمان لە هەموو روێكەوە خاوەنی پێگەی خۆیەتی‌و سۆزو خۆشەویستی خاكەكەشی وات لێدەكات كە هەمیشە جەستەو دڵت ببەسترێت بە ناوچەكەوە شینایی ئاسمان‌و زەوی سەوزی پشدەر هەمیشە لە مێشك‌و بیرمدایە.

زنار: سەرەتای دەسپێكی نووسینت بۆ شیعر نوسین چۆن بوو.

بەكر پشدەری: سەرەتا ئەو شیعرانەی دەمنووسین هەستم دەكرد زۆر لە قسەی ناو بازاڕەوە نزیكن‌و بنەمای شیعری رەسەنیان وەكو وێنەو شعورو جیناس‌و رەگەزی شیعری تیادا بەدی نەئەكرا، بەڵام كەمێك كێش‌و سەروایان تەواو بوو. دواتر لە تەمەنی(١٣)ساڵیدا هەستم دەكرد زۆر ئارەزووی خوێندنەوەی ئەدەبی كوردیم هەیە.. بەتایبەت لە شیعرو چیرۆك‌و رۆمان، لەهەمان كاتدا حەزم لە نووسینی شیعر دەكردو بەهەموو كەم‌و كوڕیەكەوە شیعرم دەنووسی بەڵام شیاوی بڵاوكردنەوە نەبوون، ئەوە بوو تەمەنی من. لە پازدە ساڵیشەوە شیعرم دەنووسی كە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٧٦، ئەوكاتە هەندێك لە شیعرەكانم هاوڕێكانم لە كەشكۆڵی خۆیان دەیان نووسیەوەو لە بڵاوكراوەی دیواری قوتابخانەدا بڵاویان دەكردەوە.

زنار: چۆن چوویتە ناو دونیای نووسینەوە.

بەكر پشدەری: لە ساڵەكانی دوای ١٩٧٨ەوە خولیای شیعر نووسینم زیاتر ئاشكرابوون‌و بە تەواوی رەگیان لە دڵمدا چاندبوو. گوڵی شیعرەكانم بۆن‌و بەرامەیان تا دەهات زیاتر

خۆش دەبوونو بلاّودەبوونەوە. منیش پابەندی ئەو خولیا شیعریانە بووم.

زنار: کیّ هاندەری سەرەکیت بوو لە شیعر نووسیندا.

بەکر پشدەری: دلّی خۆمو هەموو کارەساتو چۆنیەتی ژیانی خۆم هاندەری سەرەکیم بوون لەتەك خۆشەویستی نیشتیمانو نەتەوەدا، بێجگە لەمانە کەس هاندەری شیعریم نەبووە.

زنار: هیچ ریّگریەك هەبووە لە بوارەکەدا.

بەکر پشدەری: ئەوەی ریّگربووبیّ ئەوەیە کە نەمتوانیوە کام کتیّب زۆرم پیّخۆشبووەو بەردەستم نەکەوتووە یان ماوەی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە، پڕبە هەناسەم لەسەر کاری ئەدەبی خۆم زیاتر خۆم دەوڵەمەند بکەم. وە هیچکام لە بنەماڵەو خێزانەکەمان بێجگە لە ( رێبوار بێچارە)ی براو شاعیرم کەس ئارەزووی لە شیعرو ئەدەبیات نەدەکرد، بەلاّم رێگری منیش نەبوون لەو بوارەدا..

زنار: بۆچی شیعرت هەڵبژارد.

بەکر پشدەری: من خۆم شیعرم هەڵنەبژاردووە.. لە ماڵی دلّم بپرسە. چونکە شیعر بەشێکی زۆری بەهرەی خواییەو من زیاتر بە ئیلهامی دەزانم.. شیعر لە ویژدانەوە دەبیّو دەبیّ بە ویژدانەوە بنوسێنریّو ویژدانی خۆمانی پیّ ئاسوودە بکەین..

زنار: شیعر لای تۆ ئیلهامە یان هونەر.

بەکر پشدەری: لای من شیعر ئیلهامەو هونەریشە لە یەك کاتدا.. بەم جۆرە شاعیری رەسەن، ئیلهامی شیعرییان هەیەو بەلاّم ئەگەر شارەزای تەواویان لە هونەری نووسینی شیعردا لاوازبوو، ئەوا نووسینەکەشیان لاواز دەبیّو بە پیچەوانەشەوە.

زنار: بەرهەمەکانت زیاتر لە باری سیاسیەوەن یان رۆمانسیو واقعین.

بەکر پشدەری: دیارە شیعر رەنگدانەوەی واقعەو هەردووك دونیای ئەم دوو دیوی پەنجەرەکانە.. شیعرەکانی منیش گشتگیرن‌و لەسەرجەم بوارە سیاسیو رۆمانسیو فەلسەفیو دینیو سروشتیو دڵداریو نەتەوەییو بەرگریو هەتا شیعری منداڵانو چیرۆکە شیعریش رەنگیان داوەتەوە.

زنار: ئایا زیاتر شیعرت بۆچی نووسیوە.

بەکر پشدەری: ئەگەر مەبەستت شیعری سیاسی بیّ، شیعرم بۆ هیچ لایەنێکی سیاسیی نەنووسیوەو نانووسم، چونکە من خۆم بە شاعیری دەربار نازانمو شیعر بە زۆر نانوسریّ.. گەر نووسرا هەرچی شتێك بیّ نابیّ بە شیعر. گەر مەبەستت دارماتیکی شیعرو ئیستاتیکای شیعربێت، ئەوا زیاتر شیعرەکانی من بەرگری نیشتیمان پەروەریو نەتەوەیین، گەر بڵێی بۆ؟ چونکە تا ئێستاش گەلی کورد بە دیلکراو دەبینمو رزگاری نەبووە، چونکە کوردستان بەگشتی سەربەخۆ نییە. دەبیّ زیاتر تێبکۆشین.. چاوی لێمانە کوردستان.

زنار: لە کۆمەڵگەی کوردی هەست دەکەی تاچەند بایەخ بە شاعیرانی کورد دەدرێت.

بەکر پشدەری: لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەدەب بەگشتی کۆنترین فەرهەنگی گەلی کوردە. بە پلەی یەکەم شیعر لقێکە لە ئەدەبو دوای ئەویش هونەرو بە پلەی سێهەمیش سیاسەتە. واتە سەرچاوەی یەکەم دروستبوونی سیاسەتو شۆڕش لە شیعری شاعیرانەوە سەرچاوە دەگریّو دادەگیرسیّ، بەلاّم بەداخەوە ئەو شاعیرانەی کە تەواو دەربارن واتە بۆ کەسێکی گەورە یا خزمەتی سیاسەتێکی تاکدا نەنووسن بایەخیان پێنادریّو وەکو بچوکترین کادری سیاسی رێزیان لیّ ناگیریّ.. هەرچەندە شاعیران درووستکەری کادری راستەقینەو سیاسەتی شۆڕشگێڕانەشن، ئەمە واقعی کۆمەڵگەی کوردی ئێمەیەو بە تایبەتی لەم ئازادیەی ئەمڕۆدا کە جاریّ پێویستی کەیان بە شیعر هەیە بە مێژووی مەترسی ناوی دەبەن.. دەنا دوژمنی کورد باش دەزانیّ شاعیر، گەر وشە هاتە دەنگ زیڕەی زۆر زیاترە لە تفەنگ.

زنار: چۆن دەڕوانیتە ئەمانە( ژن، خوێندن، سروشت)..



بەکر پشدەری: ژن/ پاكو جوانو چاك بیّ، باشترین دیاری یەزدانو دایکی مرۆڤایەتییە. خوێندن/ رووناکیەو رێگای شەوەزەنگی گەل رۆشن دەکاتەوەو چەکی دەستی چەوساوەکانەو ئەوەی نەخوێندەوار بیّ وەکو کوێر وایە. سروشت/ نیگای دەستەختی خوایەو خەلاّتی گەورەیە بۆ مرۆڤەکانو سەرچاوەی ژیانە.

زنار: شیعرکانت کراون بە گۆرانی.

بەکر پشدەری: بەڵێن زۆر لە هونەرمەندان وەکو( جیهان ئیبراهیم، بورهان محەمەد، میدیا، کەمال، زاهیر جەلال، سابیر کوردستانی، ئالان جەمال، کمال محەمەد، چنار، تاریقو زیاد...زۆری تر شیعری منیان کردووە بە گۆرانیو لەناو خەڵکیدا سەدایان هەیە).

زنار: کاریگەری چ شاعیرێك زیاتر بەسەر تۆوە هەیە.

بەکر پشدەری: ئسلوبی هیچ شاعیرێکم پەیڕەو نەکردووە، بەلاّم زۆربەی شاعیرە کلاسیکیەکان دەوریان هەبووە لەسەر خۆشەویستی زیاترم لە نووسینی شیعرداو کاریگەریان لەسەرم هەبووە. بەتایبەتی.. نالی، مەحوی، مەولەوی، بێکەس، قانیعو پیرەمێردو ئەحمەد موختار بەگو کوردیو وەفایی، تا دەگاتە..هێمنی شاعیرو هەموویان لەلام زۆر پیرۆزن.

زنار: رات چییە بەرامبەر شاعیرە کۆنەکانو ئەوانەی تازە.

بەکر پشدەری: هەموویان خزمەتی گەلو خاكو خۆشەویستیو دینیان کردووەو توانیویانە ئەدەبی کوردی بگەیەننە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ کە شاعیرە تازەکان بەشی هەرە زۆریان قوتابی قوتابخانەکانی شاعیرە کۆنەکانن. شاعیرە تازەکانیش بەردەوامن لەسەر خزمەتکردن بە فەرهەنگی ئەدەبی کوردیو کۆکردنەوەو نووسینی شیعر بۆ شارای سەرکەوتنی گەلەکەمان، هەتا ئێستا بەشێکی زۆریان بۆ سەربەخۆیی دەنووسن کە منیش لەو بوارەدا دەمەویّ ئەسپی خۆم تاوبدەم.

زنار: شیعر لای تۆ چی دەگەیەنیّ.

بەکر پشدەری: لای من شیعر کۆنووسی خەوو خەیاڵەکانەو زەحمەتێکی زۆرو ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر شانم کە پێویستە لێی ماندوو نەبمو بەردەوام بم لەپێناو ئاسوودەبوونی ویژدانی خۆمو بە فەرهەنگکردنی سەرجەم شتە پاکیزەییەکانەو.. لەهەمان کاتدا شیعر مێژووی نەتەوەیەو شاعیر راستگۆترین مێژوو نووسە، بۆیە من لای خۆمەوە بە هەموو شتێکی پاكو جوان دەڵێم شیعر. وەك رەشەبا کەس نازانیّ کەی هەڵدەکاتو لەکوێوە دیّو ئەچیّ بۆ کویّ. شیعر پێناسە ناکریّ، چونکە لەگەڵ بەفرا دائەکاو لەتەك بارانا دێتە خواریّو شینایی دەدا بە ئاسمانو زەمینو سەوز دەکاتو خواردنی روحیە بۆ ئەدەب دۆستانو وەرزشی مێشکی رۆشنبیرانو خەنجەری سەردڵی داگیرکەرو گوللەی ناو چەکی شۆڕشگێڕە گەر شیعر بێت.